د. تۆد بیللت لە زانکۆی هاوای بۆ گوڵان:



# گۆشاری کۆنگرێس ناتوانێت گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا دروست بکات

**د. تۆد بیللت ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی هاوای ئەمەریکی، پسپۆڕ و تۆژەرە لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و ململانێی سیاسی و هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، هەروەها لەسەر کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیش ، سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لە عێراقدا کە هەر لە ئێستاوە کارتێکی گرنگی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەبێت، مانەوە و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دیاری دەکات بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا. گوڵان پەیوەندی بە د. تۆد بیللت کرد و چەند پرسیارێکی ئاراستە کردو بەڕێزی بەمجۆرە وەامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**د. عەلاوی لەگەڵ ئەوەی لە ئەمەریکا نزیکترە بەڵام ناتوانێت سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق بکات ئەگەر شیعە ئەو حکومەتەی بەدڵ نەبێت ئەوا د. عەلاوی ناتوانێت بیپارێزێت، بۆیە زۆر گرنگە بۆ کورد هەوڵبدات دۆستایەتی خۆی لەگەڵ زۆرینەی شیعە پتەوتر بکات**

### بوش لە عێراق سەرنەکەوێت
### کۆشکی سپی دەدۆڕێنێت

کارتی عێراق گەورەترین کارتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووی ئەمەریکا دەبێت، هەر بارودۆخی عێراقیش بوو ، هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی لە نۆڤەمبەری رابردوو بۆ بەرژەوەندی دیموکراتییەکان یەکلاییکردەوە.

سەرۆک بوش بۆ سەرکەوتنی ستراتیژەکەی لە عێراقدا ماوەیەکی هێندە زۆری لەبەردەستدانییە ، ئەو دەسەڵاتە دەستوورییەی ئێستا هەیەتی و مافی ئەوەی هەیە ڤیتۆ دژی هەر بڕیارێکی کۆنگرێس یان گۆڕانکاری لە ستراتیژی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقا بکات، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئەو کارتەی نامێنێت و هەڵبژاردن بە سەرۆکێکی نوێی دەسپێرێت، با ئەو سەرۆکە نوێیەش سەر بە پارتی کۆماری بێت، لەم بارودۆخەدا پێویستە هەموو هەوڵێک بخرێتە کار بۆ ئەوەی لەو ماوەیەی لەبەردەستیدا کێشەی عێراق بەلایەکدا بخات ئەگەر بە دابەشکردنی عێراقیش بێت.

دەربارەی هەڵوێستی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا د. تۆد بیللت بەمجۆرە بۆچوونی خۆی خستەڕوو: «ئێستا زۆر قورسە باسی دابەشکردنی عێراق بکەین، هەر بۆیە ئیدارەی سەرۆک بۆش هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت گۆڕانکارییەک لە عێراقدا دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش لە میانەی یەک دوو

مانگی رابردوو، دوای ئەوەی هێزێکی زیاتری رەوانەی عێراق کرد، تارادەیەک توندوتیژی لەناو عێراقدا کەمبۆتەوە، بەڵام لەو بڕوایەشدا نیم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆک بوشدا بتوانێت ئەرکەکانی لە عێراقدا تەواو بکات، بەڵکو ئەم سیاسەتە پێویستە بەردەوام بێت هەتا سەرۆکێکی تازە دێتە کۆشکی سپی، راستە ئێستا کۆنگرێس لە هەمبەر سیاسەتەکانی بوش نارازییە، بەڵام بەپێی دەستوور ئەو دەسەڵاتەی نییە تا بتوانێت گۆڕانکاری لە سیاسەتی سەرۆک بوشدا بکات، هەر بۆیە کە گۆڕانکاریش لە سیاسەتی ئەمەریکادا نەیەتە ئاراوە، ئەوا جارێ زووە باسی دابەشبوونی عێراق بکرێت.

**هەوڵەکانی عەرەبستانی سعودی و ئەردەن بۆ راستکردنەوەی سیاسەتی ئەمەریکایە**

دوای ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگی، بەم دواییە دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی ئەردەن و سعودیە، ئەو بێدەنگییەیان وەلاناو هەوڵدەدەن رۆڵێکی پۆزەتیڤانە لە رەوشی عێراقدا بگێڕن و هەر بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو دەوڵەت بە فەرمی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستانیان بانگهێشت کرد. ئەم هەنگاوە لە وەرچەرخانێکی سیاسی بە ئاراستەی هەوڵە عەرەبییەکان دەچێت، بۆ ئەوەی لەلایەک پشتگیری سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بکەن، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانن عێراقییەکانیش پێکەوە کۆبکەنەوە.

دەربارەی ئەم وەرچەرخانە سیاسییە د. بیللت گوتی: «بانگهێشتی فەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرەوپێشەوەچوونێکی گرنگە سعوودیە، پێشتریش هەوڵیداوە چارەسەرێکی دیبلۆماتی بدۆزێتەوە کاتێک سیاسەتی ئەمەریکا شکست دێنێ، هەروەک چۆن لە هەوڵەکانیشی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەی سعوودیە پێشتر یەکلایەنەیە و بەبێ هاریکاری ئەمەریکا نەیتوانیوە سەرکەوتن بە دەست بهێنێ، بەڵام پێدەچێ هەنگاوەکانی ئەم دواییەی لەلایەن ئەمەریکاوە پشتگیری لێ بکرێت.

لە هاوکێشەی سیاسی عێراقیشدا، هەرێمی کوردستان بایەخێکی گرنگی هەیە و یارمەتیدەرە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی و سەقامگیری لە عێراقدا، ئەم گرنگییەش لەوە سەرچاوە دەگرێت کە کورد توانیویەتی لە هەرێمەکەی خۆیدا ئەو سەقامگیری و ئارامییە دابین بکات و ژیانی خۆی لەسەر بنەمای دامەزراوەیی دیموکراتی وئازادی رادەبڕین و حکومەتێکی کراوە رێکبخاتەوە، بۆیە ئەم شێوازە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی عێراقییەکان بتوانن بە هەمان شێوە سیستەمێکی دیموکراسی بونیادبنێنەوە.

**ئەمەریکا لە ئێران نادات و نایەوێت بچێتە نێو شەڕێکی دیکە**

ئێستا بارودۆخی ئاڵۆزی نێوان ئەمەریکا و ئێران مەترسی شەڕێکی دیکەی لێدەکرێت، بەتایبەتی کە گوێ لە لێدوانەکانی ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێران دەگرین، هەست دەکەین تەحدی ئەمەریکا دەکات و چاودێرانیش پێیان وایە ئەمەریکا تا سەر ناتوانێت تەحەمولی ئەو لێدوانانە بکات، دەربارەی هەڵکشانی کێشەی نێوان ئێران و ئەمەریکا د. تۆد گوتی: «زۆر قورسە بتوانین بڵێین ئەمەریکا هێرش دەکاتە سەر ئێران، ئەحمەد نەژادی سەرۆکی ئێرانیش ئەو هێزەی نییە کە هەندێک خەڵک مەزەندەی دەکەن، دەسەڵاتی راستەقینە لە ئێراندا لە دەستی ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەئییە کە ئەویش دژی ئەمەریکا لێدوان دەدات، بەڵام مامەڵە لەگەڵ خامەنەئی ئاسانترە وەک لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد، بۆیە هەندێک کات لە نێو هەردوولادا لایەنی سێیەمیش کە ئەوروپایە دێتە ناو هاوکێشەکە، بۆیە لەو بڕوایەدانیم لەم بارودۆخەدا ئەمەریکا هەوڵبدات لە ئێران بدات و شەڕێکی دیکە بۆ خۆی دروست بکات.

**تورکیا دەیەوێت گوشار بخاتە سەر ئەمەریکا**

پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەمەریکاش لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە سارد و سڕی تێکەوتووە و بەو ئاستە نییە کە پێشتر هەبووە، هەر بۆیە دەبینین جیاوازییەک یان دژ بەیەکیەک لە نێوان سیاسەتی تورکیا بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا هەستی پێدەکرێت و، تورکیا هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات کە بەشە ئارامەکەی عێراقە.

دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکاش د. تۆد بیللت بەمجۆرە بۆچوونی خۆی خستەڕوو: «تورکیا گرفتی سەرەکی مەسەلەی کوردە لە عێراقدا، هەرچی ئەمەریکاشە دەیەوێت ئەو بنکەیەی لە ئەنجەرلیک هەیەتی هەر بە دەستییەوە بمێنێ، هەر بۆیە نایەوێت گوشاری زیاتر بخاتە سەر تورکیا، تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە تورکیا هەڕەشە دەکات دەیەوێت کارەساتێک رووبدات، بەڵام تورکیا لەسەر ئەم سیاسەتەی خۆی بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەمەریکا رێک بکەوێت و دەسکەوتێکی بەربکەوێت.

**لەو بڕوایەشدا نیم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆک بوشدا بتوانێت ئەرکەکانی لە عێراقدا تەواو بکات، ئێستا کۆنگرێس لە هەمبەر سیاسەتەکانی بوش نارازییە، بەڵام بەپێی دەستوور ئەو دەسەڵاتەی نییە تا بتوانێت گۆڕانکاری لە سیاسەتی سەرۆک بوشدا بکات**

**تورکیا لەسەر ئەم سیاسەتەی خۆی بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەمەریکا رێک بکەوێت و دەسکەوتێکی بەربکەوێت**